# ئیستاتیکای دەقی شیعری ( پێم دەڵێن مەحبوبە خێڵ و قیچە )ی نالی ١٨٠٠ - ١٨٧٩

م. مەهدی فاتیح عومەر          م.ی. ئاسۆ عومەر مستەفا

زانکۆی چەرموو
کۆلێژی پەروەردە

**پێشەکی:**

نالی یەکێکە لەو شاعیرانەی کورد کە ئیستاتیکایەکی بەرز لە بەرهەمەکانیدا هەیە و شاعیر لە زۆربەی شیعرەکانیدا زۆرترین گرنگی بەم لایەنە داوە و هەوڵی بەرجەستەکردنی داوە ، هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەم لایەنە پێویستی بە زۆرترین لێکۆڵینەوە بێت و نالی وەکو شاعیرێکی گەورە و شیعرەکانیشی بە نەمری بمێننەوە. گرنگی لێکۆڵینەوەکەش لەوەدایە لەم ڕوانگەیەوە لە دەقی (پێم دەڵێن مەحبوبە خێڵ و قیچە) دەکۆڵێتەوە.

لێکۆڵینەوەکە بێگرفت نەبووە، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی ئیستاتیکی لەسەر دەقێکی کلاسیکی وەك ئەم دەقە کارێکی ئاسان نییە، چونکە سەرچاوە لەم بارەیەوە کەمن و پێویستی بە وردییەکی زۆریش هەیە.

لێکۆڵینەوەکە لە دەروازە و دوو بەش پێکهاتووە:

دەروازە: وەکو سەرەتایەك بۆ چوونە ناو لێکۆڵینەوەکەیە و لە سێ بەند پێکهاتووە: بەندی یەکەم (ئیستاتیکا) کە بەکورتی باسی ئیستاتیکا و بنەماکانی و مێژووی ئیستاتیکا خراوەتەڕوو، بەندی دووەمیش (چەمکی جوانی ) کە باس لەم چەمکە و بنەماکانی دەکات و بەندی سێیەمیش (چەمکی ناشیرینی ) کە باس لەم چەمکە و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبدا دەکات

بەشی یەکەم:باسی بنەما ئیستاتیکییەکانی ڕوخساری دەقەکە دەکات و لە سێ بەند پێکهاتووە: بەندی یەکەم: باسی(زمانی شیعری) دەقەکە دەکات و لایەنە ئیستاتیکییەکانی زمانی شیعرەکە ڕوون دەکاتەوە. بەندی دووەم باسی (کێش)ی دەقەکە دەکات کە بنەمایەکی گرنگی ئیستاتیکای دەقەکەیە و بەندی سێیەمیش (سەروا)ی دەقەکە و ئەو ئیستاتیکایەی لێیەوە دروست بووە دەخاتەڕوو.

بەشی دووەمیش لە دوو بەند پێکهاتووە: بەندی یەکەم ئەو ئیستاتیکایەی (هونەرەکانی ڕەوانبێژی)دەقە ڕووندەکاتەوە  کە جوانییەکی بەرزیان دروست کردووە و بەندی دووەمیش واتای دەقەکە  و ئەو ئیستاتیکایەی کە لەسەر بنەمای ناشیرینی دامەزراوە ڕوون دەکاتەوە

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

## دەروازە

### ئیستاتیکا

ئیستاتیکا یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکاندا گرینگییەکی زۆری هەیە و وەکو بنەمایەکی ڕەخنەیی هەوڵی دەرخستنی بنەما ئیستاتیکییەکانی دەقی ئەدەبیدا، چونکە ئیستاتیکا (لە مەرجەکانی جوانی، پێوانەکانی، تیۆرەکانی، لە چێژی هونەریدا، لە بڕیارەکانی بەها پەیوەستەکان بەشوێنەوارە هونەرییەکانەوە)١ هەروەها ( لە بەرزترین ئاستەکانی پەیوەندییە جوانییەکانی مرۆڤ بە واقیعەوە دەکۆڵێتەوە)٢

نووسەران و هونەرمەندان گرنگییەکی زۆر بە لایەنی ئیستاتیکی بەرهەمەکانیان دەدەن و تەنانەت هەندێ جار بەرهەمەکانیان تەنها لەپێناو پێشکەش کردنی بابەتێکی پڕ لە ئیستاتیکی و جوانییە، چونکە (لەنێو دونیای هونەر و ئەدەبدا (ئیستاتیکا — جوانیناسی) ئامانجێکی گەورە و پیرۆزە. هەموو نووسەرێك بەدوای جوانیدا دەگەڕێ و دەیدۆزێتەوە و لێی ورد دەبێتەوە ... جوانی جیهانی دەرەوە یان بە واتایەکی دیکە بەدوای جوانی و پیرۆزی وشە عەوداڵە و لە ڕێکخستنی وشەکاندا جوانییەکی پتر و مەزنتر وەدی دەکا)٣

ئیستاتیکا بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ جوانیدا دەکات بە تایبەتی لە هونەردا، بۆیە (ئەگەر ئیستاتیکا لە "جوانی لە هونەر"دا کورتبکرێتەوە لەبەر ئەوەیە کە جوانییەکی تۆمارکراو نییە تەنها لە هونەردا نەبێت. جوانی کەرەستەی ئیستاتیکا ... و کاری ئیستاتیکا شوێنکەوتنی ئەم بۆچوونە و شیکردنەوەیەتی. بەم جۆرە ئیستاتیکا دەبێتە زانستێکی تیۆری کە لە کێشەکانی جوانی دەکۆڵێتەوە لە هونەردا)٤

ئامانجی ئیستاتیکا بەپلەی یەکەم گرنگیدانە بە جوانی و دەرخستنی بنەما هونەریی و ئیستاتیکییەکانی دەقی ئەدەبیی و (ئاشکراکردنی تایبەتمەندییە جۆرییەکانی هونەری جوانە، هەروەها دیاریکردنی پەیوەندی نێوان هونەر و دیاردە شارستانییەکانی وەك زانست و پیشەسازی و ڕەوشت و فەلسەفە و ئایینە.)٥ بەم پێیە ئیستاتیکا دەبێتە گرنگترین و سەرەکیترین میتۆدی ڕەخنەیی هاوچەرخ لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیدا، چونکە دەرخستن و لێکدانەوەی بینای هونەری و بنەما جوانییەکانی دەقی ئەدەبیی کارێکە هەموو ڕەخنەگرێك هەوڵی بەرەستەکردنی دەدات.

ئیستاتیکا جگە لە جوانی گرنگی بە ناشیرینیش دەدات، چونکە (ئەم زانستە تەنها لە جوانی ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لە ناشیرینیش دەکۆڵێتەوە)٦ ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جوانی بەبێ بوونی ناشیرینی بەهایەکی وەهای نییە و بۆ دیاریکردنی جوانیی لە دەقدا پێویستە ناشیرینییەکانمان لەبەرچاو بێت. لە فەرهەنگی (لالاند)یشدا ئیستاتیکا (زانستی بڕیارەکانی هەڵسەنگاندنە، کە جوانی و ناشیرینی لەیەکتر جیادەکاتەوە)٧

---

[١] - جمیل سلیبا، المعجم الفلسفي، ل٤٠٨

[٢] - محمد سعد حسان، مقدمة في علم الجمال، ل١٥

[٣] - کۆمەڵێك نووسەر، لەستایشی ئەدەبدا ، و: شێرزاد حەسەن ، ل١٢٥

[٤] - عزالدین اسماعیل، الاسس الجمالیة فی النقد العربي، ل٢٨- ٢٩

[٥] - نفس المصدر، ل١٩

[٦] - صدام زیادي، المدخل الی الفلسفة،ل١٠٥

[٧] - محمود عبدالله الخوالدة- محمد عوض الترتوري، التربیة الجمالیة علم النفس الجمال، ل٢١

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە جوانی تەنها بابەتی ئیستاتیکا نییە بەڵکو ناشیرینیش بابەتێکی تری ئیستاتیکایە، (ئەمەش لە ڕێگای وێنەکان و ئاوازەکان و هێماکانەوە دەبێت بۆ بەدەستهێنانی سیفەتە جوانییەکانی. ئەگەرچی هونەر گرنگترین بابەتەکانی ئیستاتیکایە، بەڵام تاکە بابەتی نییە، بەڵکو سروشت و مرۆڤ و ئەو شوێنەوارانەی بەرهەمی دەهێنێت هاوشانی شوێنەوارەکانی هونەری پاراو بابەتی ئیستاتیکان، بەم جۆرە ئیستاتیکا دەبێتە ڕێبازێکی فەلسەفی لەکاتێکدا هونەر ئەزموونی تاکەکەسییە)٨

بەم جۆرە ئیستاتیکا جوانی و ناشیرینی دیاری دەکات و (لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی شتی جوان یان ناشیرین ، هەروەها لە جوانی سروشتی دەکۆڵێتەوە وەك چۆن لە جوانی بەدیهێنراو دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە هونەرەکان و جوانی خود و جوانی واتا دەکۆڵێتەوە، بەم جۆرە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و هونەرە)٩

## چەمکی جوانی

جوانی یەکێکە لەو چەمکانەی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ڕەگەزێکی سەرەکی ئەدەب و هونەر بووە و مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە هەستی پێکردووە و گرنگی پێداوە، چونکە (جوانی ئەو ڕاستییەیە کە پێدادەگرێت لەسەر ڕاکێشانی هونەرمەند بۆ لای خۆی، جوانی سیفەتێکی گشتی مرۆڤایەتییە، لەسەرووی خێر و هەقەوەیە، چونکە ئەوەی خێر و هەق بێت بێگومان جوانیشە، بەڵام هەموو جوانێك خێر و هەق نییە، جوانی سیفەتێکی گشتی ڕەهای مرۆڤە، لەبەر ئەوەی ڕاستییەکی مرۆڤایەتییە؛ هونەرمەندی داهێنەر بەدوایدا دەگەڕێت)١٠

جوانی (سیفەتێکە لە شتەکاندا تێبینی دەکرێت، خۆشی و ڕازیبوون لە دەروونددا دروست دەکات. جوانی لەوسیفەتانەیە کە پەیوەستە بەڕازیبوون و میهرەبانیەوە و یەکێکە لەو سێ چەمکەی کە بڕیارەکانی بەهایان دەدرێتە پاڵ کە مەبەست جوانی و هەق و خێرە)١١ بەم پێیە جوانی خودییە و پە یوەستە بە مرۆڤەوە "واتە مرۆڤ بڕیاری جوانی شتەکان دەدات" یاخود سیفەتی جوانی دەداتە پاڵیان "هیوم" بڕوای وایە مرۆڤ بەپێی چێژی خۆی بڕیار لەسەر جوانی و ناشیرینی شتەکان دەدات و لەم بارەیەوە دەڵێت: (شتەکان جوانن هەرچەندە جیاوازی زۆریش هەن کە کەسان لێك جیادەکەنەوە؛ هەمیشە شتێك دەمێنێتەوە کە ئادەمیزادییە ؛ کە گەردونییە )١٢

جوانی چەمکێکی بابەتی نیە و دابڕابێت لە خودی مرۆڤ، چونکە ئەگەر وابوایە ئەو کاتە بەدرێژایی مێژوو شتە جوانەکان بە جوانی دەمانەوە و شتە ناشیرینەکانیش بە ناشیرینی دەمانەوە و گۆڕانیان بەسەردا نەدەهات. هەروەها بە شێوەیەکی گشتیش خودی نییە، چونکە ئەگەر وابوایە (هەموو کەسێك ئەمەی دەکردە بەڵگە بۆ

---

[٨] - عقيل مهدي يوسف، الجمالية بين الذوق و الفكر، ل١٣

[٩] - صدام زيادي، المدخل الى الفلسفة،ل١٠٦

[١٠] - على عبدالرزاق حمود ، النقد الأدبي الحديث ، ص٣٠

[١١] - جميل سليبا (د.) ، المعجم الفلسفي ، ص٤٠٧

[١٢] - کەمال میراودەلی (د.) ، فەلسەفەی جوانی و هونەر- ئیستاتیکا ، ل٥٦

جوان یاخود بە دزێو دانانی شتەکان و ئەو کاتە هیچ واتایەك بۆ ئەو چێژە پەروەردە کراوە نەدەمایەوە کە وامان لێدەکات جوانی ببینین)١٣

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی جوانی ڕێکبوون و پەیوەندی و یەکێتی و گونجانی نێوان بەشەکانی شتەکانە. چونکە (جوانی ئەوەیە لە نێوان بەش و پێکهاتەی ڕێکبوون و پەیوەندی و یەکێتی و گونجان زۆربێت. ڕووخساری مرۆڤایەتی کاتێك جوان دەبێت کە سەرجەم ئەندامەکانی گونجابن لەگەڵ یەکتردا و هاوسەنگ بن لە قەبارە و شوێندا )١٤ هەروەها لە ئەدەبیشدا: (چامەی شیعری کاتێك جوان دەبێت ئەندامەکانی گونجاو و پەیوەست بن لەنێوان خۆیاندا، هەر بەشێك شوێنی خۆی بگرێت لە زەمینی چامەکەدا و هەر یەکێکیان یەك بەش لە چاودێری شاعیر وەربگرێت، بەڵام ئەگەر بەشێك زاڵبوو بەسەر بەشەکانی تردا، وەك زاڵبوونی بیر کە لەسەر حسابی بەشەکانی تر گرنگی پێدەدرێت. ئەوا جوانی لەو چامەیەدا نامێنێت، لەبەر ئەوەی لێکدوورکەوتنەوە جێگەی گونجان دەگرێتەوە لەنێوان ئەندامەکانی چامەکەدا)١٥ بەم پێیە (بوونەوەر یاخود شتی پێکهاتوو لە بەشی جیاواز جوانییەکەی تەواو نابێت هەتا بەشەکانی لە سیستەمێکدا ڕێکنەخات و نابێت ڕەهەندەکانی بە زۆرداری هەڵبژێرێت ئەمەش لەبەر ئەوەی جوانی تەنها ڕێکخستن و مەزنییە)١٦

### چەمکی ناشیرینی

چەمکی ناشیرینی یەکێکی ترە لەو چەمکانەی کە زانستی ئیستاتیکا گرنگی پێدەدات و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکات و ( ناشیرینی ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی هونەر، لە سەردەمە کۆنەکانەوە بەشێکی زۆری کەرەستەی خاوی هونەری لێ پێکدێت کە سروش بە هونەرمەندان دەبەخشێت، مەبەستمان لە (ناشیرینی) هەموو بابەتێکە کە ناتەواوییەکانی سروشت و کۆمەڵ وەردەگرێت لە جێگەی جوانییەکانی. لای یۆنانییەکان و عەرەبە کۆنەکان هونەری تایبەت بە (ناشیرینی) دەبینین، لەوانە: هەجوو، گاڵتەجاڕیکردن، و ئەم هونەرانە لای یۆنان پێشکەوتوون بۆ هونەری شانۆیی ناسراو بە کۆمیدیا کە (ناشیرینی)یەکانی کۆمەڵ و گاڵتەجاڕییەکانی دەخاتەڕوو)١٧

لە ئەوروپا و لە سەدەی هەژدەم پاش بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی هونەرمەندان گرنگییەکی زۆریان بە (ناشیرینی) داوە و لەپاش ئەوانیشەوە سیمبولیستەکان و سوریالیستەکان هەمان ڕێچکەی ڕۆمانسیستەکانیان گرت لە گرنگیدان بە بابەتە و ئەمەش لەبەرئەوەی باوەشیان کرد بە بنەمای سۆفیزم (یەکێتی بوون)دا، و بەهۆی ئەم بنەمایەوە بڕوایان بە یەکسانی لەنێوان جوانی و ناشیرینی، خێر و شەڕدا هێنا و بڕوایان وابوو لە بوونەوەردا (شەڕ)ی ڕاستەقینە نییە، لەبەرئەوەی ناشیرینی دەبێت بە جوانی و جوانی بە ناشیرینی، لە خێرەوە شەڕ سەوز دەبێت و لە شەڕیشەوە خێر١٨

---

[13] - أبراهيم العريض ، جولة في الشعر العربي المعاصر ، ص٢٣

[14] - فائق مصطفى(د.) — عبد عبدالرضا علي، في النقد الادبي، ص٢٢

[15] - المصدر السابق، ص ٢٢- ٢٣

[16] - فائق مصطفى(د.) — عبد عبدالرضا علي، في النقد الادبي، ص ٢٣

[17] - روز غريب ، تمهيد في النقد الحديث ، ص ١٢٤

[18] - المصدر السابق، ص ١٢٧

چەمکی ناشیرینی (لە سەدەی نۆزدەهەم گەشەی کرد و گەورە بوو، بووە بەشێکی دانەبڕاوی تیۆری ئیستاتیکی، بەڵکو ئەوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم جیادەکاتەوە زاڵبوونە بەسەر کێشەی دزێویدا و گواستنەوەیەتی لە ئەبستراکتەوە بۆ هەست پێکراوە)١٩. ئەمەش دەرگایەکی تری داهێنان بوو بەڕووی هونەرمەندا کرایەوە و (سروشتی دەربڕینی دەربارەی بەها ئیستاتیکییە نوێیەکان پێبەخشی)٢٠ بەمجۆرە (ناشیرینی)نەك هەر بووە بەشێك لە ئیستاتیکا، بەڵکو هەندێك هونەرمەند لە جوانی زیاتر گرنگیان پێیدا، چونکە (بڕوایان وابوو کە وێناکردنی ناشیرینی ئازارەکان لە هونەردا کاریگەری لەسەر دەروون زیاترە لە وێناکردنی جوانی و بەختەوەری و بەتواناتریشە لەسەر جوڵاندنی سۆزەکان. ڕەخنەگرانی کۆن لەسەر ئەوەی (دۆزەخی - دانتی) مەزنترین بەشە لە (کۆمیدیای یەزدانی) دا ... تۆڵستۆی لە دەستپێکی (ئانا کارینا)دا دەڵێت: بەختەوەرەکان یەك چیرۆکیان هەیە ناگۆڕێت، بەڵام بەدبەختەکان هەریەکەیان چیرۆکی تایبەت بەخۆیان هەیە)٢١ هەروەها (بۆدلێر) زیاتر گرنگی بە ناشیرینی دەدا و (لەجیاتی ئەوەی لە جوانی بگەڕێت لە ناشرینی دەگەڕا، لەجیاتی ئەوەی لە باشە بگەڕێت لە خراپە و (فەساد) دەگەڕا. پێویستیشە بەشێوەیەکی فەلسەفی لە بۆچوونەکانی بۆدلێر لەمەڕ شیعرەوە تێبگەین. ئەو مەبەست لە بۆدلێر- ە خۆی بە ئیستاتیکای ناشیرینەوە خەریك دەکرد، ئەمەش دیسانەوە جوانیی خۆی هەیە. ئەنجامیش جوانترین و دەگمەنترین شیعری بە زمانی فەڕەنسی بۆ بەجێهێشتووین)٢٢

## بەشی یەکەم

### ڕوخساری شیعری (پێم دەڵێن مەحبوبە خێڵ و قیچە)

ڕوخسار ئەو ڕووپۆش و قاڵبەیە کە تێکستی ئەدەبی تیایدا دەرسکێت و خۆی تیادا دەنوێنێت، ئەمەش لە مەبەست و ناوەرۆکدا بەردەوام لە گۆڕاندا دەبێت و گوزارشت لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی شاعیر لە بارودۆخ و سەردەمێکی دیاریکراودا دەکات.

سەرەکیترین ئاکاری ڕوخساری شیعری لای هەر شاعیرێك لە سەرەتادا زمان و دەربڕینە، دواتر لایەنی تەکنیك و فۆڕمی ئەو دەربڕینانەیە کە ئەزموونی شاعیری تیادا بەرجەستە دەبێت، کە خۆی لە هونەرەکانی کێش و سەروادا دەدۆزێتەوە، بەمجۆرە فۆڕم و ڕوخساری شیعری لای (نالی) لەم سێ لایەنەوە ( لەگەڵ هونەرەکانی ڕوانبێژیش کە زیاتر پەیوەستە بە وێنە هونەرییەکانی ناو دەقەکە) تەنیا لە شیعری (پێم دەڵێن مەحبوبە خێڵ و قیچە)دا بەدیاردەخەین و سنوری کارکردنمان لە لێکۆڵینەوەکەدا هەر هێندە دەخوازێت و بەسەرکردنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی شاعیرێکی وەك (نالی) لە توانا و سنووری کارکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدەرە و چاوەڕوانی ئەوەشی لێناکرێت.

---

[19]- عزالدين اسماعيل (د.)، الاسس الجمالية في النقد العربي ، ص ٥٧

[20]- أميرة حلمى مطر ، فلسفة الجمال ، ص ٨٥

[21]- روز غريب ، تمهيد في النقد الحديث، ص ١٢٥

[22]- ئەحمەدی مەلا، خەیاڵکردن و وێنەی شیعری و گرفتەکانی جیهانبینی، ل ١٩

**١-١: زمانی شیعری**

بنەمایەکی سەرەکی ئیستاتیکای شیعرییە و (نالی) وەك شاعیرێکی کورد ڕچەشکێنی ڕێبازی بزووتنەوەیەکی تازەی شیعری کوردی و داهێنەری قوتابخانەیەکی شیعری کلاسیکی کوردییە لە کرمانجی خوارووداء بەجۆرێك (شیعر نووسین لای نالی وەکو بنیاتێکی سەرەکی و کێشەیەکی گەورە تەماشای کراوە، نالی بەردەوام بەدوای جوانترین زماندا دەگەڕا کە لە زمانی پێش خۆی جیاوازبێت و هەوڵیشی داوە شیعرییەتی پێ بخاتە نێو چوارچێوەیەکی هونەرییەوە)[٢٣]

نالی لە ڕێگای شیعرەکانییەوە لە ئەزموونی خۆی دەدوێت بەمەش گوزارشت لە حاڵەتێکی خودیی خۆی دەکات، بە واتایەکی تر ئیستاتیکای دەقی شیعری لای نالی بۆ هەڵوێستی تایبەتی شاعیر دەگەڕێتەوە سەبارەت بەجۆری هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ بابەتەکەدا لەو ڕوانگەیەوەیە زۆرجار نالی لە خۆشەویستی (حەبیبە)دا بابەتی ناشیرین دەکات بە مەبەستی شیعر بۆ وەڵامدانەوەی پرسی کەسانێك و بە شێوازێکی ئیستاتیکیانە دایدەڕێژێتەوە کە دەڵێ:

پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و فیچە مەیلی شەڕ دەکـا
خێل و فیچە یا تەرازووی نازی نەختێ ســەر دەکا
خێل و فیچە یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چـاو
مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەیکەر دەکـــا
چاوی هەم ڕەنگی گوڵی، مەستی شەو و ڕۆژن مەدام
یەك لە نەشگوفتەی بە نەفشە، یەك لە نیلوفەر دەکا
عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێدەگـــەی
کەچ نەزەر کەی فەرقی خواروژوور و خێروشەڕ دەکا
هەرکەسێ نوقصانی خۆی باوێتە سەر ڕووی ئاینـــە
شاهیدی هەرچەندە (رأی العین)ە، کێ باوەڕ دەکـا
کاتبی خێر و شەڕی عوششاقە، بۆ وەصڵ و فیـراق
لوتف و قەهری هەر بەجارێ سەیری دوودەفتەر دەکا
نالی ئەو وەحشیی غەزالە کەس ئەبەر داوی نەکـەوت
چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە دائیم سەر دەکـــا[٢٤]

لەم دەقەدا (نالی بەتێڕوانینێکی شاعیرانەوە بەرامبەر (حەبیبە) ئیستاتیکای مەبەستێك بەرجەستە دەکات، کەوا لە کەسانێك دەکات خێلی چاوی مەحبوبە لەبیر بکەن و بگەنە ئەو قەناعەتەی کەخێلی سیفەتێکە

---

٢٣- د. ئازاد عەبدلواحید کەریم و مەهدی فاتیح ، زمانی شیعری لەنێوان و ئەزموونی شاعیر و ئیستاتیکای دەقدا(نالی وەك نموونە)، ل١٢

٢٤- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی،ل ١٠٨ - ١١١

لە سیفەتەکانی جوانی و نازبەخشی و بەو مانایەی کەلە میانەی زمانێکی مەجازییەوە واقیعێکی ڕاستەقینە بۆ وێنەیەکی تر ئاوەژوو دەکاتەوە)[٢٥]

نالی لەم غەزەلەدا دارشتنەکانی پڕ لە نەشئە و مۆسیقا و ئاودارن، هەندێ لەو وشانەی بێگانەی بەکارهێناوە کە تا ڕادەیەك چوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و پەسەندکراون و وەرگێڕدراون و بوونەتە بەشێك لە زمانی کوردی و بەکارهێنانی لەلایەن شاعیرەوە زیاتر مۆرکی زمانی کوردی پێدەبەخشێت و خوێندەوار و نیمچەخوێندەواری کورد ئاگایان لەو وشانە هەبووە و لێیان تێگەیشتوون وەك وشەکانی (نظر، فەرق، نوقصان، دائیم، کاتب، وەصل، فیراق، لوتف، قەهر، دەفتەر، وەحشی، غەزال، ثانیة، شاهید، بەنەفشە، عەکس) کە هەندێ لەم وشانە عەرەبین و هەندێکیشیان فارسین و بەشێوەیەکی گشتی شاعیر ژیانێکی تازە دەداتە ئەو وشانە و دەچنە ناو بنیاتی دروست بوونی شیعرەوە.

شاعیر لەم غەزەلەدا جگە لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە توانیوێتی هەر لەناو زمانی کوردیدا هەندێ وشەو دەربڕینی جۆراوجۆر هەڵبژێرێت و (لەهەر مەڵبەندە و لە هەر دیالێکت و بەشە دیالێکتێکی زمانی کوردی وشەی شیعری وەرگرتووە و شیعرەکانی خۆی پێدارشتووە، تاکو لە هەر لایەکەوە شیعرەکانی بخوێنینەوە و خوێندەواری ئەو لایانە بەشی خۆی تێدا بدۆزێتەوە)[٢٦]

نالی لە بنچینەدا زمانەکەی بەشە دیالێکتی بابانییە و قسەپێکەرانی ئەم بەشە دیالێکتە پیتە قاڵبی (ئە) وەك پێشگری فرمانی ڕانەبردوو بەکاردەهێنن، بەڵام (نالی) لەم غەزەلەدا و بگرە لە زۆربەی شیعرەکانیدا پیتە قاڵبی (دە)ی کردووە بە پێشگری فرمانی ڕانەبردوو وەك: (پێم دەڵێن، دەکا، تێ دەگەی) کە قسەپێکەرانی بەشە دیالێکتی سلێمانی لە وتنی ئەو دەربڕینانەدا دەڵێن: (پێم ئەڵێن، ئەکا، تێ ئەگەی) و هەر لەم دەقەدا شاعیر چاوگی (هاوێتن) و (ئاوێتن) لە جیاتی (هاویشتن) بەکاردێنێت کە هەردوو چاوگەکە لە ناوچەی موکریان بەکاردێت و دەڵێ:

خێڵ و قیچە یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو
مەیلی ڕاست <u>هاوێتنی</u> موژگانی دڵ پەیکەر دەکا[٢٧]

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

خێڵ و قیچە یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو
مەیلی ڕاست <u>ئاوێتنی</u> موژگانی دڵ پەیکەر دەکا[٢٨]

بەمجۆرە دەبینین نالی وشەی جۆراوجۆری دەرەوەی ناوچەکانی سلێمانی و شارەزوور و تێکڕای بەشە دیالێکتەکانی کرمانجی خواروو بەکاردەهێنێت، جگە لەو نموونانەی باسمان کردن، هەندێ نموونەی ترمان لە بەردەست دایە کەلە پێناوی دەوڵەمەند کردنی زمانە ئەدەبییەکەی بەکاری هێناوە وەك (باوێتە) لەجیاتی

---

٢٥- ئازاد عەبدلواحید کەریم و مەهدی فاتیح ، زمانی شیعری لەنێوان و ئەزموونی شاعیر و ئیستاتیکای دەقدا(نالی وەك نموونە)، ل١٦

٢٦- کەریم شارەزا، نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، ل٣٥

٢٧- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل ١٠٩

٢٨- مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل٥٤

(بهاوێژێتە)ی سلێمانی و (ئەبەر)[٢٩] لەجیاتی (بەبەر) کە هەموو ئەم کارانەی لە پێناو فراوانکردنی فەرهەنگی وشەی شیعرەکانیدا ئەنجام داوە

هەرکەسێ نوقصانی خۆی باوێتە سەر ڕووی ئایینە
شاهێدی هەرچەندە (رأی العینە) کێ باوەڕ دەکا[٣٠]

هەروەها
نالی ئەو وەحشی غەزالە کەس ئەبەردداوی نەکەوت
چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە دائیم سەر دەکا[٣١]

دیاردەیەکی تر کە هەر پەیوەستە بە زمانی شیعری نالییەوە لەم دەقەدا دیاردەی هاوتەریبییە کە تەکنیکێکە لە ئاستی واتاییدا ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات کە سەرجەمی بەیتی هەندێ دەقی شیعری پێکەوە گرێ بدات و یەکێتییەکیان لە نێواندا دروست بکات و یەکێ لەو دەقانەی کەلەژێر سایەی هاوتەریبییدا بەیتەکانی کۆکراونەتەوە ئەم دەقەیە کەلەسەر بنەمای هاوتەریبکردنی وشە و دیاردە دژ و نایەکسانەکان پەیوەندی واتایی بەدی هاتووە بەوەی (کۆکردنەوەی واتاکان لە دەوری خێلی وەك نیشانەیەکی سیمانتیکی وەرگیراو، بواری ئەوەی پێدراوە کە دەقەکە بە چەند جۆرێك لە جۆرەکانی هاوتەریبی بچنێت، پێش هەموو شتێك نیشانەی خێلی هەڵگری دەلالەتێکی ناشیرینە، لە دەقەکەدا دەلالەتی جوانی پێبەخشراوە، بۆیە لەلایەك وشە و دیاردە ناشیرینەکان پێکەوە و وشە و دیاردە جوانەکانیش پێکەوە لە ڕێگەی هاوتەریبی واتاییان پەیوەستدار یان هاوسیماییەوە کۆکراونەتەوە، لەلایەکی ترەوە هەردوو گرووپە واتاییەکە لە ڕێگەی هاوتەریبی زاتییەوە بەرامبەر یەك کۆکراونەتەوە بەم شێوەیە:"شەو و ڕۆژ، خێر و شەڕ، وەصڵ و فیراق، لوگف و قەهر" کە پەیوەندی نێوان ئەم جووتە وشانە پەیوەندی دژایەتییە، لەگەڵ:"دڵ، چاو، موژگان، ڕوو" هاوڕەگەز و هاوسیمان. "مەست" و "مودام"* (کە بەواتای مەی دێت) پەیوەست دارن)[٣٢]

**١-٢: کێشی شیعری:**

کێش یەکێکە لە بنەما ئیستاتیکییەکانی شیعری کلاسیك و لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕوخساری شیعرە. کێش لە هەر زمانێکدا بریتییە لە چوارچێوەی گشتی ئاوازی دەرەوەی شیعر بۆ تەواوکردنی مۆسیقای شیعر.

نالی وەك شاعیرێکی دیاری ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی کێشی عەرووزی عەرەبی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە کە توانیوێتی لەکۆی شانزە دەریاکەی کێشی عەرووزی حەوت دەریایان لە (٢١) قاڵبەکێشی جیاوازدا لە سەرجەمی هۆنراوەکانیدا کە (١٢٢) هۆنراوەیە بەکاربهێنێت[٣٣]

---

٢٩- لە (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی) د. مارف خەزنەدار لاپەڕە ٥٤ (وەبەر) نووسراوە

٣٠- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل ١١٠

٣١- سەرچاوەی پێشوو، ل١١١

* - لە (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی) د. مارف خەزنەدار لاپەڕە ٥٤ (مەدام) نووسراوە

٣٢- ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا، ل٢٨٦

٣٣- عەزیز گەردی، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، ل٧١

کێشی عەرووزی (ئەو کێشەیە کە لە دووبارەکردنەوەی بڕگەی کورت "ب" و بڕگەی درێژ "ــ" بەگوێرەی سیستەمی هەر قاڵبێکەوە دروست دەبێت)[34] نالی لە بەرهەمەکانیدا یەکێك لەو کێشانەی کە بە ڕادەیەکی بەرچاو بەکاری هێناوە دەریای "ڕەمەل"ە کە نزیکەی "٤٠" هۆنراوەی بەم کێشە لە سنووری "٨" قاڵبەکێشی جیاوازدا بەکارهێناوە، (ڕەمەل یەکێکە لە کێشە باوەکان و ئاوازەکەی زۆر سوکە و پیتەکانیشی نەرمن)[35] . ئەم غەزەلەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستمانە بە قاڵبە کێشی (ڕەمەلی هەشتی سڕاو"محزوف" بنیادنراوە کە قاڵبەکێشەکەی بەمجۆرەیە "فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلا × ٢" )

پێم / دە / لێن / مەح / بو / بە/ خێ / ل و / قی / چە / مەی / لی / شەڕ / دە / کا

ــ ب - - / - ب - - / - ب - - / - ب -

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلا

خێ / ل و / قی / چا / یا / تە / را / زووی / نا / زی / نەخ / تێ / سەر / دە / کا

ــ ب - - / - ب - - / - ب - - / - ب -

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلا

د. یادگار باڵەکی پێی وایە کە سەرەتای نیوەی بەیتی دووەم کە پێی دەڵێن "إبتداء" توشی گۆڕانکاری "کف" بووبێت، بەڵام بە بڕوای ئێمە لەم شیعرەدا گۆڕانکاری "کف" دروست نابێت، چونکە لەکاتی خوێندنەوەدا ئەو بڕگە کورتە درێژ دەکرێت واتە ڕاستە دەنوسرێت "خێل و قیچە" بەڵام لە وتندا دەوترێت "خێل و قیچا" کە هۆنراوە زیاتر هونەرێکی دەنگییە نەك هونەرێك بەشێوەی نوسین مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت[36]

هەر سەبارەت بە نیوە بەیتی کۆتایی هەمان غەزەل د. یادگار باڵەکی پێی وایە کە (دەبێت بڕگەی "٢" لە پێی "٦" فاعلاتن کورت بێت)[37] کە ڕاستییەکەی بڕگەی "٢"لە پێی "٢"ە نەك "٦" و ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەو بڕگەیە خۆی هەر لە بنەڕەتدا کورتە، دیارە بەپێی ڕێنووسی تازە وا نووسراوە

چونکە شاهێ/نی دو چاوی/ تیژە دائیم / سەر دەکا

- ب - - /- ب - - / - ب - - / - ب ــ

فاعلاتن

نەك ئەوەی کە بڕگەی کورتی پێی دووەم کە (دو)ە بە (دوو) نوسرابێت

**١-٣: سەروای شیعری**

سەروا لەگەڵ کێشدا بە یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئیستاتیکای شیعر دادەنرێت کە ڕۆڵی هەیە لە بنیاتنانی ئاوازی دەرەوەی شیعردا. سەروا پێناسەی زۆر و جۆراوجۆری بۆ کراوە، کە هەر هەموویان لەسەر ئەو ڕایەن کەوا؛ ئەو دەنگە یان ئەو تیپە سەروا پێکدەهێنێت کە دەکەوێتە کۆتایی دێڕە شیعرەوە، بەڵام (عەزیز گەردی) بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونانەوە بۆچونێکی تری هەیە دەڵێت: (سەروا بریتییە لەو دەنگە یان کۆمەڵە

---

٣٤- عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، ل٨٥

٣٥- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩

٣٦- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، عەرووز وەکو پێوەرێك بۆ ساغکردنەوەی شیعری نالی، ل ١٩٥

٣٧- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩

دەنگەی لە کۆتایی وشە سەروادارەکان دووبارە دەبنەوە ئەمە بەتایبەتی لە کۆتایی لەت یان دێڕە شیعر، هەندێ جاریش لە ناوەڕاست دێ)[٣٨]ئەمەش ئەوە دەگەیەنێتکە مەرج نییە سەروا هەر لە کۆتایی لەت یان دێڕە شیعر دووبارە بێتەوە بەڵکو هەندێ جار سەروا لە ناوەوەی دێڕە شیعریشدا دێت و ئەو کاتە بەیتەکە سەروای ناوەوەی دەبێت. لەسەرجەم شیعرەکانی (نالی)دا بەم غەزەلەوەش کە لێکۆڵینەوەکەمان مەبەستێتی یەك جۆر سەروا بە کارهێنراوە، کە سەروای یەکگرتووە و یەکێك بووە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی شیعری کلاسیکی، بۆیە پێی وتراوە سەروای یەکگرتوو چونکە سەرواکە لە سەررەوە تا خوارەوە بەشێوەیەکی یەکگرتوو هاتووەتە خوارەوە و شیعرەکەی پێ تەواو کراوە و ئەمەش وەك کۆت و بەندێك وابوو لە گەردنی شاعیردا و ناچاربووە ملکەچی بێت و پەیڕەوی بکات، بەمەش شاعیر ماوەیەکی تەسکی لە بەردەمدابووە بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی.

وشەکانی سەروا لەم غەزەلەدا بریتین لە (شەڕ، سەر، پەیکەر، نەیلوفەر، شەڕ،باوەڕ، دەفتەر، سەر) ئەوانەی کە کێش و ئاوازیان یەکە(شەڕ، سەر، شەڕ، سەر) هەریەکەیان لەسەر کێشی (فا) هاتووە و لە بڕگەیەکی داخراو دروست بووە و بزوێنەکەی "ە"یە، (پەیکەر، باوەڕ، دەفتەر)یش کێش و ئاوازیان یەکە و لەسەر کێشی "فاعل" هاتوون، وشەی (نەیلوفەر) لە کێش و ئاوازیش لەوان جیایە و لەسەر کێشی "فاعیلن"ە. کەواتە وشەکانی سەروا لەم غەزەلەدا لەڕووی دەنگسازییەوە هاوکێش و هاوئاوازنین، جگە لەوەی کە وشەکانی سەروای ناو ئەم غەزەلە لە ڕووی زمانەوانی فەرهەنگییەوە هەندێ کەموکورتی تێدایە کە بە (إیگاو) ناودەبرێت، لەبەرئەوەی زانا و سەرچاوەکان سنووریان بۆ ئەم کەموکورتییە داناوە و دەڵێن: دووبارەکردنەوەی سەروا پاش حەوت دێڕ بێت، بەڵام وەك دەبینین لای (نالی) لە بەیتی یەکەمدا هەردوو وشەی سەروا (شەڕ، سەر)ی کردووە بە وشەی سەروا

پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە یا ترازووی نازی نەختێ ســـەر دەکا[٣٩]

جارێکی تر لە دێڕی چوارەمدا (شەڕ) و لە دێڕی حەوتەمدا (سەر)ی هێناوەتەوە و کردوویەتی بە وشەی سەروا بەمجۆرە:

عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێ دەگـــەی
کەچ نظر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا
نالی ئەو وەحشی غەزالە کەس ئەبەرداوی نەکەوت
چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە دائیم سەر دەکا[٤٠]

بەڵام لەم لەم دەقەدا بەهۆی بوونی وشەی پاش سەروای (دەکا) کەمتر هەست بەم ناتەواوییە دەکرێت.

نالی هەرلەم دەقەدا لاوازی و قەڵەوی دوو دەنگ یان کپی و گڕی یان نزیکیان لە یەك بەجۆرێك بەکاری هێناون کە ئەمانە یەك دەنگن یان لەبەر ئەوەی لە یەکەوە نزیکن هیچ جیاوازییەکی لەنێوانیان نەکردووە و حسابی بۆ ئەوە نەکردووە کە (فۆنیم)ن و توانای دروست بوونی وشە و واتای تازەیان هەیە، کە ئەمەش بۆ

٣٨- عەزیز گەردی، سەروا، ل٣٦
[٣٩]- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل١٠٨
٤٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩-١١٠

سەروا نابێت چونکە هەر دەنگە و تایبەتێتی و  سەربەخۆیی خۆی هەیە و ئەمەش دەبێتە خەوش و شاعیر توشی هاتووە وەك لە هەردوو دەنگی (ر، ڕ) کە بۆ یەك سەروا بەکارهاتووە:

پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و ڤیچە مەیلی شەڕ دەکا

خێل و ڤیچە یا ترازووی نازی نەختێ ســـەر دەکا[41]

لێرەدا وشەکانی (شەڕ و سەر) بۆ یەك سەروا بەکارهاتووە کە ئایا دەنگی سەروا لەم غەزەلەدا (ڕ) یان (ر)یە، ئەگەر (ڕ) بێت ئەوا لەگەڵ وشەکانی (پەیکەر و دەفتەر و سەر) ناتەواوی دروست دەکات، ئەگەر (ر) بێت ئەوا لەگەڵ وشەکانی (نەیلوفەڕ و شەڕ و باوەڕ) ناتەواوی دروست دەکات، دیسانەوە ئەم ناتەواوییە بەهۆی بوونی وشەی پاش سەروای (دەکا) تا ڕادەیەك هەستی پێ ناکرێت.

نالی لەم دەقەیدا وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا وشەی (دەکا)ی کردووە بە پاش سەروا کە (ئەو وشە یان دەستەواژە یان ڕستەیەیە کە دوای وشەی سەروا لە کۆتایی لەت یان دێڕە شیعر بە هەمان مانا دووبارە دەبێتەوە و لە هەرکوێ سەروا هەبێت دەشێ پاش سەروای بە دوادا بێ)[42]. سروشتی زمانی کوردی کە بە زۆری کردار لە کۆتایی ڕستەوە دێت، دووبارەکردنەوەی کردار بۆ زۆر حاڵەتی جیاجیا وایکردووە پاش سەروا لە کوردیدا زۆر بێت و ئەو پاش سەروایەی نالی دووبارەی کردووەتەوە کرداری (دەکا) یە کە بەهۆیەوە کەموکورتییەکانی سەروای غەزەلەکەی داپۆشیوە. بەمجۆرە دەتوانین بڵێین نالی لەم غەزەلەدا لە ڕووی سەرواوە ئیستاتیکایەکی جوانی بەرجەستە کردووە ئەگەرچی هەندێ کەموکوڕیشی تێدایە، بەڵام ئەم کەموکوڕییانە نەبووەتە هۆی لەنگی ئاوازەکەی و تێکچوونی مۆسیقاکەی بەڵکو بەگشتی ئاوازێکی مۆسیقی جوانی بەرجەستەکردووە لە دەقەکەدا.

## بەشی دووەم

### ٢-١: هونەرەکانی ڕەوانبێژی

هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی ئیستاتیکای شیعری کلاسیکن و لە ئەدەبی کوردیدا (نالی) دیارترین شاعیرە کە بیری وردی و خەیاڵی قوڵی بۆ وێنەی هونەری وا چووە، بیری خوێنەر کول دەبێت تا بۆی دەچێت و پەی پێ دەبات، هەندێ جاریش چەند وێنەیەکی لە یەك دەربڕیندا موتوربە کردووە. شاعیر لە چنینی وێنەی هونەریدا توانایەکی وای لە یەکخستنی واتا جۆراوجۆرەکانی واژەیەك دەربڕیوە کە ڕەنگە بتوانین بڵێین ڕێککەوتنی واژەیی و واتایی لە زمانی کوردیدا نییە نالی بەکاری نەهێنابێت. وشە لای شاعیر قوڕێکی دەستکردە و چۆنی ویستبێت بەکاری هێناوە، ئەم توانایەشی بۆ ئەوە دەمانبات کە بڵێین نالی لە چنینی وێنەدا سروشی (وەحی) بۆ هاتووە و چووەتە بێئاگاییەوە و لەودیو هەستەکانەوە وێنەی بنیات نابێت.

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی نالی لە ڕۆڵگێڕانی لە بزووتنەوە ئەدەبییەکەدا کە بە شیعری کلاسیکی کوردی ناسراوەدەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی دەقە شیعرییەکانی و هونەرمەندێتی لە داڕشتندا، چونکە هەموو هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە تایبەتی (ڕوونبێژی و جوانکاری) بەهەموو لقەکانییەوە وەرگرتووە و

---

[41]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨

٤٢- عەزیز گەردی، سەروا، ل١٦٣

خستویەتییە قاڵبی شیعرەکانییەوە. ئەگەر بڵێین نالی نەبێ کەسی دیکە وا بە وەستایی و هونەرمەندی خەوش و ناتەواوی یارەکەی ناکات بە مایەی جوانی و ناسکی هەروەك دەڵێت:

پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و فیچە مەیلی شەڕ دەکا
خێل و فیچە یا ترازووی نازی نەختێ سـەر دەکا
عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێ دەگـەی
کەچ نەڤر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا[٤٣]

وەك وتمان نالی تۆمارێکی زۆربەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییە لە ئاستێکی یەکجار بەرزدا و تێیدا هونەری وامان بەرچاو دەکەوێتکە لە ئەدەبی کوردیدا بەدی ناکرێت و ناتوانین لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرجەم دەقەکانی نالی جگە لە دەقی (پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و فیچە مەیلی شەڕ دەکا) بەسەربکەینەوە. سەبارەت بە بەیتی یەکەمی ئەم غەزەلە لەبەر ئەوەی پاش سەروای تێدا بەکارهاتووە، کەواتە هونەری (هێنانەوە – رد العجز الى الصدر)ی تێدایە. هێنانەوە یەکێکە لە هونەرە جوانکارییەکان کە (بریتییە لە بوونی وشەی هاوشێوە یان هاوڕەگەز یەکێکیان لە کۆتایی دێڕەکە دێت و ئەویتریشیان دەکەوێتە سەرەتای نیوەدێڕی دووەم، یان ناوەڕاستی، یان کۆتاییەکەی)[٤٤]

پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و فیچە مەیلی شەڕ دەکا
خێل و فیچە یا ترازووی نازی نەختێ سـەر دەکا[٤٥]

لەم بەیتەدا هەردوو وشەی (دەکا) جگە لەوەی پاش سەروایە لە هەمان کاتدا (هێنانەوە)شی دروست کردووە. هەر سەبارەت بەم بەیتە لەڕووی ڕەوانبێژییەوە ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە کە پێی بیروڕای مامۆستایانی مودەڕیس گوایە (لە کۆکردنەوەی "شەڕ" و "سەر"دا جیناسی موچاریع هەیە)[٤٦] کە ئەم بیروڕایەیان ناکۆکە لەگەڵ ئەو پێناسەیەی خۆیان بۆ (جیناسی موچاریع)یان کردووە، کە دەڵێن: (جیناسی موچاریع ئەو دوو وشە کە وەك یەك بن و تەنها لە یەك پیتدا جیاوازبن و ئەو دوو پیتەش کە تیایدا جیاوازن لە یەکەوە نزیك بن)[٤٧] بەپێی ئەم پێناسەیە (جیناسی موچاریع) لە هەردوو وشەی "شەڕ" و "سەر"دا دروست نابێت، چونکە جیاوازی نێوانیان لە دووپیتەکانی (ش) و (س) لەگەڵ (ڕ) و (ر) دایە. دیارە مامۆستایانی مودەڕیس جیاوازییان لەنێوان پیتەکانی (ڕ) و (ر)دا نەکردووە کە دوو فۆنیمی جیاوازن و توانای گۆڕینی واتای وشەیان هەیە، هەروەك پێشتر لە باسی سەروادا ڕوونمان کردەوە.

خێل و فیچە یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چـاو
مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەیکەر دەکـا[٤٨]

---

[٤٣] - مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل ١٠٨-١٠٩

٤٤- ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، ل ٣٠

[٤٥] - مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل ١٠٨

٤٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨

٤٧- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١

٤٨- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩

لەم بەیتەدا هونەری خواستن دروست دەبێت لە کاتێکدا ڕاوچی بۆ ئەوەی نیشانەکەی بپێکێت و تیری خۆی ئاراستەی نیشانە بۆکراو بکات پێویستە چاوێکی بنوقێنێت، (مەحبوبە) بۆ ئەوەی موژگانەکانی کە وەك تیر وان دڵی یار بپێکێت، پێویستە چاوێکی کەمێك بنووقێنێت، کەواتە لێرەدا لێکچواندنێك لەنێوان تیر و موژگاندا کراوە، بەڵام لەبەرئەوەی وشەی تیر لە بەیتەکەدا بوونی نییە، بەمەش دەبێتە هونەری خواستن، چونکە (خواستن بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای دروستی وشەکە بە مەرجێ پەیوەندی نێوان هەردوو ماناکە لێکچواندن بێت)[٤٩] کەواتە موژگان (بۆ خواستراوە) و تیر (لێ خواستراوە) و ڕاست هاوێتن (نیشانەی خواستن)ەکەیە.

بەوپێیەی درکە (ئەوەیە وشەیەك یان کۆمەڵە وشەیەك بێنی کە واتایەکی دروستی خۆی هەبێت، هەر لەو کاتەدا لە ڕستەکەدا مانایەکی تر بدات بەدەستەوە وە مەبەست ئەم مانایەی دوایی بێت)[٥٠] ئەوا دەبێت لە دەربڕینی (پەی کەر / پەی کردن)دا کە بریتییە لە (ڕیشە دەرهێنان)[٥١] هونەری درکە هەبێت چونکە (پەی کەر) بە مانایەکی تازەتر بەکارهێنراوە، نەك واتای دروستی خۆی.

چاوی هەم ڕەنگی گوڵی، مەستی شەو و ڕۆژن مەدام

یەك لە نەشگوفتەی بە نەفشە، یەك لە نیلوفەر دەکا[٥٢]

لەم بەیتەدا نالی چەند جارێك هونەری لێکچواندنی دروست کردووە[٥٣] سەرەتا "چاو"ی چواندووە بە "گوڵ" واتە: "چاو" چوێندراوە "گوڵ"یش پێ چوێندراوە و "ڕەنگ" ڕووی لێکچوونە لەنێوان چاو و گوڵدا. دواتر "چاوی خێل"ی مەحبوبەی چواندووە بە "شەو" و "چاوی ساغ"یشی چواندووە بە "ڕۆژ"، واتە: "چاوی خێل" چوێندراوە "شەو" پێ چوێندراوە و "چاوی ساغ" چوێندراوە "ڕۆژ" پێ چوێندراوە.

هەر لەم بەیتەدا هونەری پێچان و کردنەوە(لەف و نەشر)[٥٤] هەیە، چونکە "شەو و ڕۆژ" هاتووە و بەدوایاندا "بەنەفشە و نەیلوفەر" هاتوون، کە هەریەکێکیان سەر بە یەکێ لەوانەی پێشوون بەبێ دەستنیشان کردن، شەو بۆ بەنەفشە و ڕۆژ بۆ نەیلوفەر دەگەڕێتەوە.

عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێدەگـــــەی

کەچ نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا[٥٥]

لەم بەیتەدا شاعیر هونەری (دژیەك)[٥٦]ی لەنێوان وشەکانی (خوار و ژوور) و (خێر و شەڕ)دا دروست کردووە و دواتر هونەری (پێچان و کردنەوە)ی لێ دروست کردوون، بەوەی سەرەتا (خوار و ژوور) هاتووە و دواتر

---

٤٩- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ب١، ل٦٩

٥٠- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ب١، ل ٨٨

٥١- ئیبراهیم ئەحمەد، زیوەری زمان (فەرهەنگی کینایە و دەستەواژەی کوردی سۆرانی)، ل ١٢٨- ١٢٩

[٥٢]- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل ١٠٩

٥٣- لێکچواندن: بەستن و پەیداکردنی لێکچوونێکە لەنێوان دوو شتا بەهۆی هاوبەش بوونیان لە یەك سیفەتا یان زیاتر بۆ مەبەستێك یان چەند مەبەستێکی تر. بڕوانە: عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ب١، ل٢٢

٥٤- پێچان و کردنەوە (لەف و نەشر): ئەوەیە چەند وشەیەك بەدوای یەکدا بێنێ و پاشان بەقەد ئەوان وشەی تر بێنێ کە پەیوەندییان بەوانەی پێشەوە هەبێ، بێ ئەوەی دیاری بکەی کام وشە بۆ کام وشە دەگەڕێتەوە. بڕوانە: ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، ل ١٠٨

[٥٥]- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل ١٠٩

بە دوایاندا (خێر و شەڕ) هاتووە، واتە: هەردوو وشەی (خوار و ژوور) پێچراونەتەوە بە هەردوو وشەی (خێر و شەڕ) کراونەتەوە و بە هێنانەوەی (خوار و ژوور) و (خێر و شەڕ) هونەری دژیەکی دروست کردووە (خوار بەرامبەربە ژوور) و (خێر بەرامبەر بە شەڕ). لەلایەکی ترەوە لەنێوان (خوار و ژوور) و (خێر و شەڕ)دا هونەری (پێچان و کردنەوە)ی دروستکردووە، چونکە خوار سەر بە شەڕەکەیە و مەبەست لێی چاوە خێلەکەیە و ژووریش سەر بە خێرەکەیە و مەبەست لێی چاوە ساغەکەیەتی. ئەمەش یەکێکە لەو جوانییە بێ هاوتایانەی کە زۆر بەکەمی ڕوودەدات شاعیر هونەری (پێچان و کردنەوە) بە چەند وشەیەك دروست بکات کە خۆیان دژ یەك بن

هەرکەسێ نوقصانی خۆی باوێتە سەر ڕووی ئاینە

شاهیدی هەرچەندە (رأی العین)ە، کێ باوەڕ دەکا

نالی لە نیوە بەیتی یەکەمی ئەم بەیتەدا دەڵێت: هەرکەسێ ناتەواوییەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی ئاوێنە، لێرەدا ئاوێنە وەك مرۆڤێك مامەڵەی لەگەڵ کراوە کە ئەستۆی هەبێت و ئەمەش دەبێتە هونەری (خواستن)، واتە: (ئاوێنە) دەبێتە (بۆ خواستراو) و (مرۆڤ) کە لە نیوە بەیتەکەدا بوونی نییە دەبێتە (لێ خواستراو) و (ڕوو یان ئەستۆ) دەبێتە (نیشانەی خواستن) و پەیوەستی مرۆڤە کە ڕۆڵی (لێ خواستراو) دەبینێت.

شاعیر لە نیوە بەیتی دووەمیشدا بۆ زیاتر کاریگەرێتی وێنە شیعرییەکەی ڕاناوی پرسی (کێ)ی بەکارهێناوە بۆ مەبەستی خوازەیی، واتە لێرەدا (کێ) ڕاناوێکی پرسە پێویستی بە وەڵامدانەوە نییە، بەڵکو بۆ نەرێ (نەفی) کردنە، چونکە هەرکەسێ ناتەواوییەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی ئاوێنە با شاهێدیشی هەبێت کەس باوەڕی پێ ناکات.

کاتبی خێر و شەڕی عوششاقە، بۆ وەصڵ و فیـــــراق

لوتف و قەهری هەر بە جارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا[57]

لەم بەیتەشدا لەنێوان وشەکانی (خێر و شەڕ) و (وەصڵ و فیراق) و (لوتف و قەهر) هونەری (دژیەك) دروست کراوە و دواتر جارێکی تر هەر بەم وشە دژیەکانە هونەری (پێچان و کردنەوە)ی زۆر بە جوانی دروستکردووە، بەوەی کە سەرەتا هەردوو وشەی (خێر و شەڕ) هاتووە و دواتر بە دوایاندا وشەکانی (وەصڵ و فیراق) لەگەڵ (لوتف و قەهر) هاتوون، بەڵام بەبێ دەستنیشان کردن، واتە: وشەکانی (خێر و شەڕ) پێچراون بە وشەکانی (وەصڵ و فیراق) و (لوتف و قەهر) کراونەتەوە بەمجۆرە:

(خێر) مەبەست چاوە ڕاستەکەی مەحبوبەیە بە (وەصل) و (لوتف) کراوەتەوە

(شەڕ) مەبەست چاوە خێلەکەی مەحبوبەیە بە (فیراق) و (قەهر) کراوەتەوە

بەم شێوەیە چاوە ڕاستەکەی مەحبوبە مایەی (خێر)ە و دەبێتە مایەی (وەصل) و (لوتف) هەروەها چاوە خێلەکەی مەحبوبە شەڕی لێدەبارێت و شەڕیش دەبێتە مایەی (فیراق) و (قەهر).

---

٥٦- دژیەك: یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی و بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو وشە کە ئەو وشانە لە ڕووی واتاوە پێچەوانەی یەك بن. بڕوانە: ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، ل ٨٥

[57]- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل ١١٠

هەر لەم دێڕەدا دەتوانین لە دەربڕینی (کاتبی خێر و شەڕ)بووندا هونەری درکە بەدی بکەین بەوەی کاتبی خێر و شەڕ بوون بریتییە لە (خەریکی تۆمارکردنی چاکە وخراپەی بەندەکانی خودا بوون)[58] بەمجۆرە کاتبی خێر و شەڕ بۆ مەبەستێکی تر بەکارهاتووە.

نالی ئەو وەحشیی غەزالە کەس ئەبەر داوی نەکەوت

چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە دائیم سەر دەکـــا[59]

لە دوابەیتیشدا نالی دووجار هونەری لێکچواندنی دروستکردووە، سەرەتا لە نێوان (ئەو) و (وەحشیی غەزال)دا، چونکە (ئەو) کە مەبەست مەحبوبەیە چوێندراوە بە (وەحشیی غەزال) دواتریش هەردوو چاوی مەحبووبەی چواندووە بە (شاهێن) کە لە تیژیدا لەیەك دەچن، کە هەردوو لێکچواندنەکە بەمجۆرەیە:

ئەو/ چوێندراوە              وەحشیی غەزال/ پێ چوێندراوە

دووچاو/ چوێندراوە          شاهێن/ پێ چوێندراوە

هەر سەبارەت بەم بەیتەمامۆستایانی مودەڕیس نووسیویانە (لە کۆکردنەوەی "سەر" و"بەر"دا جیناسی لاحیق هەیە)[60] بەڵام وەك تێبینی دەکرێت وشەکە (ئەبەر)* ە نەك (بەر)، بەمجۆرە (جیناسی لاحیق) لەنێوان وشەکانی (سەر) و (بەر)دا دروست نابێت. لەبەرئەوەی جیناسی لاحیق: بریتییە لەوەی (دوو وشە وەك یەك بن و تەنها لە یەك پیتدا جیاوازبن و دوو پیتەکەش بە تەواوی جیاوازبن)٦١ دوو وشەی (سەر) و (ئەبەر)یش لە زیاتر لە یەك پیتدا جیاوازن.

### ٢-٢: ئیستاتیکای ناشیرنی (واتا) لە دەقەکەدا

نالی لەم غەزەلەدا باسی خێل وقیچی چاوانی یارەکەی (مەحبوبە) دەکات و ئەم بابەتە دەبێتە تەوەری سەرەکی شیعرەکە، چونکە سەرتاپای شیعرەکە لە دەوروبەری چاوانی مەحبووبە بەتایبەتیش خێل و قیچی ئەم چاوانە دەسوڕێتەوە . شاعیر دەیەوێت ئەم ناشیرینیە (خێلی چاوانی یار) بەشێوەیەکی جوان نیشان بدات و بەرگێکی ئیستاتیکییانەی لەبەربکات و سەرجەم دێڕەکانی غەزەلەکەشی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە.

خێلی یەکێکە لەو کەموکوڕییانەی کە دووچاری چاوی مرۆڤ دەبێت و وا دەکات هەردوو چاوی مرۆڤ لاسەنگ بن و جوڵە و وەستانیان لە شوێنی خۆیان نەبێت و جیاوازبن. لەبەر ئەوەی هەستی بینین گرنگترین هەستی مرۆڤە و بینینیش لە ڕێگەی چاوەوە ئەنجام دەدرێت کە گرنگترین ئەندامی ڕوخساری مرۆڤە، هەربۆیە یەکەمین گۆشەنیگای بینینی مرۆڤ لەسەر چاوەکانی کەسی بەرامبەر ڕادەوەستێت لە کاتی سەیرکردندا و هەر کەموکوڕییەك لە چاواندا هەبێت یەکەمین شت هەستی پێ دەکرێت. بەمجۆرەش خێلی یەکەمین

---

[58] - ئیبراهیم ئەحمەد، زیوەری زمان (فەرهەنگی کینایە و دەستەواژەی کوردی سۆرانی)، ل ٣٣٥

[59] - مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل ١١١

٦٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١

* - لەدیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، مارف خەزنەدار،دا وشەکە بووە بە (وەبەر) بڕوانە:لاپەڕە: ٥٤

٦١- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل ٢١

کەموکورییە لە ڕووخساری مرۆڤدا هەستی پێ بکرێت و نەگونجانێکیش لە ڕوخساردا دروست دەکات کە بنەمایەکی سەرەکی جوانی ڕوخسارە.

گونجانی چاوەکان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ ئەندامەکانی تری ڕوخسارجوانی ڕوخسار پێکدەهێنن و هەر نەگونجانێکیش دەبێتە هۆی ناشیرنی، چونکە "جوانی ئەوەیە لەنێوان بەش و پێکهاتەی ڕێکبوون و یەکێتی و گونجان زۆر بێت، ڕوخساری مرۆڤ کاتێك جوان دەبێت کە سەرجەم ئەندامەکانی گونجابن لەگەڵ یەکتر و هاوسەنگ بن لە قەبارە و شوێندا"٦٢ بەمجۆرە بوونی هەر ناهاوسەنگی و نەگونجانێك دەبێتە هۆی ناشیرنی و جوانی "تا ڕادەیەك ئەو گونجانە گشتییەیە کە بەبێ ئەو هیچ شتێك جوان نییە"٦٣ و ناشیرنە.

لەم دەقەدا (خێلی) کە ناشیرنییە، جوانییەکی بەرزی لێ دروست کراوە، جوانییەك کە تایبەتە بە خودی شاعیرەوە و هەموو خەڵکانی تر پێیان ناشیرینە و جوانی ئەم چاوانەی یار (مەحبووبە) جوانییەکی خوودییە و تایبەتە بە شاعیرەوە، چونکە لە بنەڕەتدا "جوانی چەمکێکی ڕێژەییە، پێوەرەکانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت"٦٤ لەم بارەیەوە (ئیما نوئێل کانت) بڕوای وایە:"جوانی لەناو خودی شتەکەدا نییە، بەڵکو لەو تێگەیشتنەدا هەیە کە لەلای بینەر هەیە"٦٥

شاعیر لەم شیعرەدا لەسەر زمانی خەڵکەوە قسە دەکات و لەو کۆمەڵگایانەدا کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر پتەو و بەهێزن، چوونە ناو ژیانی تایبەتی و قسەکردن لە بارەی کەسانی ترەوە (بەتایبەتی هاوڕێ و خزم و کەس و ناسیاو) زۆر دەبێت و خەڵك لە هەموو کاروبارە تایبەتییەکانی ژیانی کەسانی تر قسەیان هەیە و (خێلی چاوانی مەحبوبە)ش بووە بە بابەتێك کە هەمیشە (نالی) پێ تاوانبارکراو، کە چۆن نالییەکی شاعیر و ڕۆشنبیر و جوانی ناس کچێکی خێلی خۆش دەوێ! هەربۆیە هەمیشە لە ڕوویان داوە بەجۆرێك کە شاعیریان ناچارکردووە وەڵامیان بداتەوە، بەڵام چۆن وەڵامدانەوەیەك؟! وەڵامدانەوەیەك کە ئەم دەقە بەرز و جوانەی لێ بەرهەم هاتووە کە دەڵێ:

پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکـا
خێل و قیچە یا تەرازووی نازی نەختێ ســەر دەکا[٦٦]

خەڵکی پێم دەڵێن یارەکەم (مەحبوبە) چاوەکانی خێل و قیچن و کاتێك سەیری خەڵکی دەکات وا دەزانن شەڕیان لەگەڵ دەکات، لەڕوانگەیەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین کە هەر لەسەردەمی کۆنەوە ئەو مرۆڤانەی ڕووخساریان ناشیرینە و نەگونجان لە ڕووخساریاندا هەیە، نموونەی مرۆڤی تۆقێنەر و ترسێنەر و خێو و جنۆکە بوونە، هەر بۆیە ئەم ناشیرینییەیان بە هۆکاری ترس و تۆقین داناوە و چاوەڕوانی شەڕ و خراپەیان لێ کردووە، بەڵام شاعیر زۆر بە وردی وەڵامی ئەم کەسانە دەداتەوە و ئەم خێلییەی چاوانی یاری بە تەرازووی ڕازونیاز و نازکردن و نازکێشان چواندووە و سیفەتی تەرازووش وایە کە ئەگەر لایەکی بەرزبووەوە لایەکەی تری نزم دەبێتەوە و ناهاوسەنگ دەبێت "چاوی مەحبوبەش ئەم تەرازووەیە کە نازدەکێشێ و ناز

[٦٢]- فائق مصطفى(د.) – عبد عبدالرضا علي، في النقد الادبي، ص٢٢
[٦٣]- ميشال عاصي (د.) ، الفن و الادب ، ط٢ ، ص٦٩
[٦٤]- محمود عبدالله الخوالدة (د.)- محمد عوض الترتوري (د.)، التربية الجمالية علم النفس الجمال، ص١٧
[٦٥]- فەرهاد پیرباڵ ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل ٥٥
[٦٦]- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل ١٠٨

دەفرۆشێ و ئەوەندە حەساسە کە جاری وا هەیە بەرز و نزمی هەیە و خودی ئەو بەرز و نزمییەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە چاوی مەحبوبە بە خێل و ڤیچ بزانین"٦٧

شاعیر بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو جوانییەی کە لە دێڕی یەکەمدا وێنەی کێشاوە و دەڵێ:

خێل و ڤیچە یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چـاو

مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەیکەر دەکـا[٦٨]

لێرەدا نالی تابلۆیەکی هونەری سەرنجڕاکێشمان بۆ دەکێشێت و دەیەوێت ئەوەمان نیشان بدات کە ئەوەی وای کردووە چاوانی یار بەخێل و ڤیچ دەربکەون ئەو نیشانەگرتنەیە  یار بە غەمزەی چاوەکانی نیشانە لە دڵی بەرامبەر دەگرێت و دەیەوێت بە برژانگی چاوانی نیشانەکە  بپێکێت و ئاشوبێك لە دڵیدا بەرپابکات، مرۆڤیش لە کاتی نیشانەگرتندا بۆ ئەوەی بەباشی نیشانەکە بپێکێت چاوێکی کراوەتر دەبێت چاوەکەی تری کزتردەکات و دایدەخات بۆ ئەوەی نیشانەگرتنەکەی بە باشی ئەنجام بدات. "کەواتە ئەو شتەی کە لە هەوەڵ بەیتدا بە مەیلی شەڕ باس دەکرێ لەلایەن ئەوانی دیکەوە نالی بە مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵپێکەر پێناسەی دەکا، یانی ئەوە مەیلی شەڕ نییە، یان لانی کەم مەیلی شەڕ بە مانای خراپە نییە، بەڵکو مەیلی شەڕ بە مانای ئەوەیە کە بۆ وێنە ئاشوبێك لەنێو دڵی عاشقدا بەرپا بکات"٦٩

شاعیر لە دێڕی سێیەمدا بەرگری لە خێل و ڤیچی چاوانی یارەکەی دەکات هەریەك لە چاوانی یار بە جۆرە گوڵێکی بەهاری جوان دەچوێنێ کەدەڵێ:

چاوی هەمرەنگی گوڵە، مەستی شـەو و ڕۆژی مودام

یەك لە نەشکوفتە وەنەوفشە، یەك لە نیلوفەڕ دەکا٧٠

نالی (بەو کەسانەی کە پێیان وایە چاوانی مەحبووبە خێل و ڤیچن و مایەی ناشیرینین) دەڵێ: چاوانی یارەکەی من هەر یەکەو لە گوڵێك دەچن،دوو گوڵی جوانی بەهاری، دوو گوڵ کە مایەی جوانی سروشتن و چاوێکیان بە گوڵی وەنەوشە دەچوێنێت، کە "گیایێکی کورتە، لقی باریك و گوڵی وردی بچوکی ڕەنگ شین یان ڕەنگ زەردی هەیە و ... بۆنی خۆشە"٧١ و مەستی شەوە و لە شەواندا دەکرێتەوە، چاوەکەی تریشی بە گوڵی نیلوفەڕ دەچوێنێت کە "گیایەکی خشۆکە... و لە دەوری شتومەکی نزیکی خۆی دەئاڵێنێ... شێوەی گوڵی شەیپوری و ڕەنگی نیلییە"٧٢ مەستی خۆرە و لە ڕۆژدا دەپشکوێت. بەمجۆرە شاعیر ئەو خێلییەی کەلەلای خەڵك مایەی ناشیرینن، لای ئەم لە دوو گوڵی جوانی جیاواز لە یەکتری دەچن، کە چاوێکیان وەنەوشەی نەپشکووتووە و عاشقی شەوە و لە شەودا دەپشکوێت و چاوەکەی تریشی لە گوڵ نیلوفەر دەچێت کە لە ڕۆژدا دەپشکوێت و دەکرێتەوە، بەمجۆرە ئەو خێلییەی لای خەڵك مایەی ناشیرینین لای شاعیر مایەی جوانی و ڕازاوەیی ڕوخساری یارن.

---

٦٧- عبدالخالق یەعقوبی، لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات، ل ٢٠٣

[٦٨]- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل ١٠٩

٦٩- عبدالخالق یەعقوبی، لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات، ل ٢٠٤

٧٠- مەسعود محەمەد، دەستەودامانی نالی،چ٢، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢١

٧١- مارف خەزنەدار، فەرهەنگی دیوانی نالی، چ٢، چاپخانەی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٣

٧٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣

نالی لەم سێ دێڕەدا زۆر بەتوندی بەرگری لە چاوانی یارەکەی دەکات و بە بە تەرازووی نازکردن و نازکێشان و ڕازونیاز، و نیشانەگرتن بە غەمزەی چاوەکانی بۆ ئەوەی نیشانە لە دڵی بەرامبەر دەگرێت و بە برژانگی چاوانی نیشانەکە بپێکێت و ئاشوبێك لە دڵیدا بەرپابكات و بە دوو گوڵی جوان و ڕازاوەی جیاوازی بەهاری، کە گوڵی وەنەوشە و گوڵی نیلوفەرن چواندووە و لە دێڕی چوارەمدا هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسانەی کە چاوانی مەحبوبە بە خێل و ڤیچ دەزانن و دەڵێ:

عەکسی چاوی، تۆ لە چاویدا بە خواری تێدەگــەی

کەچ نەزەر کەی فەرقی خواروژوور و خێروشەڕ دەکا[73]

شاعیر پێمان دەڵێت بە پێچەوانەی چاوانی یارەکەمەوە کە کانگای جوانین، ئەوە تۆی ئەو جوانی و نازەنینییە نابینیت و بە خوار و ڤیچی تێدەگەی، کەواتە ئەوە چاوی تۆ یە تەواو نییە و کەچ بینە نەك چاوانی یار، هەرکەسێکیش کەچ بین بێت ئەوا هەرگیز ناتوانێت جیاوازی لەنێوان جوان و ناشیرینیدا بکات و هەموو شتێك بە ناشیرین دەبینێت و فەرقی خواروو ژوور ناکات و چاوانی یار کە مایەی خێرن بەشەڕ دەیبینێت و جوانییەکەیشی بە ناشیرین دەبینێت و ناتوانێ لێکیان جیا بکاتەوە.

هەرکەسێ نوقصانی خۆی باوێتە سەر ڕووی ئاینــــە

شاهیدی هەرچەندە (رأی العین)ە، کێ باوەڕ دەکـــا[74]

نالی لەم دێڕەشدا درێژە بە هێرش کردنە سەر ئەو کەسانە دەدات کە چاوانی مەحبوبەبە خێل و ڤیچ دادەنێن و پێیان وایە مەیلی شەڕ دەکا و پێیان دەڵێ: هەموو ئەو کەموکورتییانەی کە پێتان وایە لە چاوانی یارەکەمدایە بە پێچەوانەوەیە و لە چاوانی خۆتاندایە، چونکە خۆتان کەچ بینن و چاوانی مەحبوبە وەکو ئاوێنە وان و تۆش کاتێك سەیری ئاوێنە دەکەیت وێنەی خۆتی تێدا دەبینیت و خۆت نیشان دەداتەوە و کەموکوڕیی و نوقستانی خۆتی تێدا دەبینیت، "جا هەرکەس بێت و ناشیرینی خۆی بخاتە ئەستۆی ئاوێنە و ئەو تاوانبار بکا و بڵێ خەتای ئەوە کە من ناشیرینم، با شایەتیشی هەبێ کە دیمەنەکەیەتی لە ئاوێنەکەدا بە ناشیرینی دەرئەکەوێ کەس باوەڕی پێ ناکا"٧٥

کاتبی خێر و شەڕی عوششاقە، بۆ وەصڵ و فیـــراق

لوتف و قەهری هەر بە جارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا[76]

نالی لەم دێڕەدا دەگەڕێتەوە بۆ لای چاوانی مەحبووبە و لە ڕوانگەیەکی ئایینییەوە بۆیان دەڕوانێت و بەو فریشتانەیان دەچوێنێت کە لەسەرشانەکانی مرۆڤن و چاکە و خراپەی مرۆڤ دەنووسن، وەك لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: " إذ يتلقى المتلقيان عن اليمين و عن الشمال قعيد . ما يلفظ من قول إلا لديه رقيب عتيد"(سورەتی ق: ١٧-١٨)واتە:"کاتێك دوو فریشتە چاودێرەکەی ئادەمیزاد کە لەلای ڕاست و چەپیەوە

---

[73] - مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل١٠٩

[74]-سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠

٧٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠

٧٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠

دانیشتوون، هەموو گوفتار و کردارێکی تۆمار دەکەن بە دەزگای زۆر پێشکەوتوو . جا ئادەمیزاد هەر قسەیەکی لەدەم دەرچێت خێرا چاودێرێکی ئامادە تۆماری دەکات"٧٧

چاوانی یاریش وەك ئەم دوو فریشتەیە وان کە چاکە وخراپەی مرۆڤ تۆماردەکەن و بەهۆیەوە بەشێکیان ڕەوانەی بەهەشت و بەشێکیان ڕەوانەی دۆزەخ دەکەن، بەڵام چاوانی یار تەنیا چاکە و خراپەی عشقان تۆمار دەکەن و یەکێکیان دەبێتە فریشتەی تۆمارکردنی خێری عاشقان و سۆز و میهرەبانیان بەرامبەر دەنوێنێ و ڕەوانەی بەهەشتی گەیشتن بە دیداری یاریان دەکات و چاوەکەی تریشی دەبێتە فریشتەی تۆمارکردنی خراپەی عاشقان و توندی و تورەیی خۆی بەسەریاندا دەبارێنێت و بەرەو دۆزەخی دورخستنەوە و دابڕان لە دیداری یاریان دەبات. بەمجۆرە چاوەکانی یار هەریەکەیان ئەرکێکیان پێ سپێردراوە و ئەرکەکانیشیان جیاوازن، بۆیە جیاوازیش دەردەکەون و خەڵکی پێیان وایە خێلن.

شاعیر لوتکەی جوانی شیعرەکەی لە کۆتا دێڕی شیعرەکەدا بەدیار دەخات و ئەو  مەبەستەش ڕوون دەکاتەوە کە وای کردووە ئەم جیاواز لە خەڵکی بڕوانێتە چاوانی یارەکەی و دەڵێ:

نالی ئەو وەحشیی غەزالە کەس ئەبەر داوی نەکـــەوت

چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە دائیم سەر دەکـــــا[٧٨]

نالی لەم دێرەدا وێنەیەکی پێچەوانەی واقیعی بەرجەستەکردووە، کە ڕاستییەکی واقیعی ئاوەژوو دەکاتەوە. لێرەدا یارەکەی  ئاسکێکی کێوییە و  لەجیاتی ئەوەی ڕاوبکرێت ئەو ڕاوی خەڵك دەکات. لە واقیعدا ڕاوچی ڕاوی نێچیر دەکات و زۆر خۆشحاڵ دەبێت کە ئەگەر بتوانێت ئاسکێکی کێوی ڕاوبکات، چونکە هەمیشە پیاوان عاشقی کچان دەبن و هەوڵی بە دەستهێنانی خۆشەویستی و دڵیان دەدەن و ئەمەش قورسترین کارە  و وەکو ڕاوکردنی ئاسکی کێوی وایە.

شاعیر بە مەبەست ئەم ڕاستییەی ئاوەژووکردووەتەوە جگە لەوەی وێنەیەکی پڕ ئیستاتیکی بەرجەستەکردووە، دەیەوێت پێشمان بڵێت کە ئەگەرچی لە واقیعدا ڕاوچی ڕاوی نێچیر دەکات کەچی لێرەدا نێچیر کە (مەحبوبە)یە ڕاوی ڕاوچی  (نالی) کردووە و خستویەتییە داوی خۆیەوە و  توانیوێتی خۆشەویستی شاعیر بەدەست بهێنێ و دڵی داگیر بکات و ئاشوبێکی تێدا بنێتەوە،" چونکە شاهێنی تیژی چاوی سەر دەکات،واتە بڵندنۆڕە، سەرووی داو و ڕاوی خەڵق دەکەوێتەوە"٧٩  و چاوانی یار هەموو کەسێك نابینن، تەنها ئەو کەسانە نەبێت وەکو نالی جوانی ناسن و دەتوانن لە پشت پەردەی ناشیرینییەکانیشەوە جوانییەکان ببینن. هەربۆیە ئەو کەسەی کەوتووەتە داوی (مەحبوبە)وە (نالی)یە و کەسێکی ترنییە و ئەمەش وای کردووە شاعیر جیاواز لە خەڵکی کەموکوڕی و ناشیرینییەکانی یار بە جوان ببینێت.

٧٧- بورهان محەمەد ئەمین، تەفسیری ئاسان، ل ٥١٩

[٧٨]- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ل١١١

٧٩- مەسعود محەمەد، دەستەودامانی نالی، ل٢٢

## ئەنجام

١- ئیستاتیکا گرنگییەگی زۆری لەئەدەبدا بەگشتی و شیعردا بەتایبەتی هەیە و شیعری کلاسیکی کوردیش بەتایبەتی(نالی) لە زۆربەی شیعرەکانیدا یەکێك لە ئامانجەکانی بەرجەستەکردنی ئیستاتیکایە و ئەم دەقەی (پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و قیچە) گەواهیدەری ئەم ڕاستییەیە.

٢- نالی لە زمانی شیعرەکەیدا ئیستاتیکایەکی بەرزی بەدیهێناوە و ئەو وشە بێگانانەشی لەم دەقەدا هەن زۆر لە زمانی کوردییەوە نزیکن و خستوویەتییە خزمەتی ئیستاتیکای دەقەکەیەوە.

٣- لەڕووی کێشیشەوە کێشی عەرووزی عەرەبی و دەریای ڕەمەلی هەشت هەنگاوی سڕاوی بەکارهێناوە مۆسیقایەکی ئیستاتیکایەکی جوانی پێ دروست کردووە.

٤- لەڕووی سەرواشەوە پەیڕەوی سەروای یەکگرتوو(یەکێتی سەروا)ی کردووە، ئەگەرچی هەندێ لەنگی لە سەرواکەیدا هەیە، بەڵام بەهۆی پاش سەرواکەیەوە توانیوێتی ئەو لەنگییە بشارێتەوە و لەگەڵ کێشەدا مۆسیقایەکی بەرزی ئیستاتیکی پێك بهێنن.

٥- نالی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا وەك لە شیعرەکەدا دیارە دەستێکی باڵای هەبووە و ئەم هونەرانەی کردووە بە هۆکارێك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئیستاتیکی دەقەکەی.

٦- شاعیر بناغەی شیعرەکەی لەسەر (خێلی) کە ناشیرینییە بنیاد ناوە و ئیستاتیکایەکی ناوازەی لێ بەرهەم هێناوە بەجۆرێك کە کەم شاعیر هەیە بتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدات هەر ئەمەش دەقەکەی گەیاندووەتە لوتکەی ئیستاتیکا و داهێنان و جوانی.

## سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز

**کتێبە کوردییەکان**

١- ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا، چ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢

٢- ئیبراهیم ئەحمەد، زیوەری زمان (فەرهەنگی کینایە و دەستەواژەی کوردی سۆرانی)، چ١، ناوەندی توێژینەوەی کوردستان ناسی، دانشگاه آزاد اسلامی واحد، سنندج، ١٣٩٣ کۆچی هەتاوی

٣- ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، چ١، چاپخانەی هیڤی، هەولێر، ٢٠١٢

٤- بورهان محەمەد ئەمین، تەفسیری ئاسان، چ٣، چاپخانەی (اسوە)، قوم، ٢٠٠٢، ل ٥١٩

٥- عەزیز گەردی، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ٢٠٠٣

٦- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ب١،چ١، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، ١٩٧٢

٧- عەزیز گەردی، سەروا،چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩

٨- عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩

٩- عبدالخالق یەعقوبی، لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨

١٠- فەرهاد پیربال ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤

١١- کەریم شارەزا، نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی،چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٤
١٢- کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر- ئیستاتیکا، چ٢ ، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی قانع ، سلێمانی، ٢٠٠٥
١٣- کۆمەڵێك نووسەر، لەستایشی ئەدەبدا ، و: شێرزاد حەسەن ، چ١ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١
١٤- مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، چ١، چاپخانەی دار الحریە، بەغداد، ١٩٧٧
١٥- مەسعود محەمەد، دەستەودامانی نالی،چ٢، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧
١٦- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦
١٧- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، عەرووز وەکو پێوەرێك بۆ ساغکردنەوەی شیعری نالی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١
١٨-

**کتێبە عەرەبییەکان**

١- أبراهيم العريض ، جولة في الشعر العربي المعاصر ، ط١ ، دار العلم للملايين ، بيروت ، ١٩٦٢
٢- أميرة حلمى مطر: فلسفة الجمال ، دار القلم ، القاهرة ، ١٩٦٢
٣- جميل سليبا (د.) ، المعجم الفلسفي ، ج١ ، ط؟ ، دار الكتب اللبناني ، بيروت ، ١٩٧٨
٤- روز غريب ، تمهيد في النقد الحديث ، ط١ ، دار المكشوف ، بيروت ، ١٩٧١
٥- صدام زيادي، المدخل الى الفلسفة، ج ١، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩
٦- عزالدين اسماعيل (د.)، الاسس الجمالية في النقد العربي ، ط٣ ، دار الفكر العربي، ١٩٧٤
٧- عقيل مهدي يوسف (د.): الجمالية بين الذوق و الفكر ، ط١ ، مطبعة سلمى الفنية الحديثة ، بغداد ، ١٩٨٨
٨- على عبدالرزاق حمود ، النقد الأدبي الحديث ، دار الحكمة للطباعة و النشر ، بغداد ، ١٩٩١ ،
٩- فائق مصطفى(د.) – عبد عبدالرضا علي، في النقد الادبي، ط ١، دار الكتب للطباعة و النشر، موصل،
١٠- محمد سعد حسان و خلود بدر غيث و معتصم عزمي الكرابلية: مقدمة في علم الجمال، ط ١، مكتبة المجتمع العربي للنشر، عمان، ٢٠٠٥
١١- محمد عزيز نظمي سالم (د.): علم الجمال ، دار الفكر الجامعي ، اسكندرية ، ١٩٨٦
١٢- محمود عبدالله الخوالدة (د.)- محمد عوض الترتوري (د.)، التربية الجمالية علم النفس الجمال، ط ١ ، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٦
١٣- ميشال عاصي (د.) ، الفن و الادب ، ط٢ ، المكتب التجاري للطباعة و النشر و التوزيع ، بيروت ، ١٩٧٠

**گۆڤارەکان**

١- ئازاد عەبدلواحید کەریم(د) و مەهدی فاتیح عومەر، زمانی شیعری لەنێوان و ئەزموونی شاعیر و ئیستاتیکای دەقدا(نالی وەك نموونە)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ٢٤، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨
٢- ئەحمەدی مەلا، خەیاڵکردن و وێنەی شیعری و گرفتەکانی جیهانبینی، گ ڕامان، ژ ٦٧، ٢٠٠٢

## پوختەی لێكۆڵینەوەكە

## ئیستاتیكای دەقی (پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و قیچە)ی نالی

نالی یەكێكە لەو شاعیرانەی كورد كە ئیستاتیكایەكی بەرز لە بەرهەمەكانیدا هەیە و شاعیر لە زۆربەی شیعرەكانیدا زۆرترین گرنگی بەم لایەنە داوە و هەوڵی بەرجەستەكردنی داوە ، هەر ئەمەش وایكردووە كە ئەم لایەنە پێویستی بە زۆرترین لێكۆڵینەوە بێت و نالی وەكو شاعیرێكی گەورە و شیعرەكانیشی بە نەمری بمێننەوە و لەم لێكۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە دەقی شیعری (پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و قیچە) بپێی بنەماكانی ئیستاتیكا لێی بكۆڵرێتەوە، چونكە ئەم دەقە یەكێكە لەو دەقانەی كە ئیستاتیكایەكی بەرزیان تێدایە و لە سەر بنەمای ناشیرینیش بنیاد نراوە.

لێكۆڵینەوەكە لە دەروازە و دوو بەش پێكهاتووە:

دەروازە: وەكو سەرەتایەك بۆ چوونە ناو لێكۆڵینەوەكەیە و لە سێ بەند پێكهاتووە: بەندی یەكەم (ئیستاتیكا) كە بەكورتی باسی ئیستاتیكا و بنەماكانی و مێژووی ئیستاتیكا خراوەتەڕوو، بەندی دووەمیش (چەمكی جوانی ) كە باس لەم چەمكە و بنەماكانی دەكات و بەندی سێیەمیش (چەمكی ناشیرینی ) كە باس لەم چەمكە و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبدا دەكات

بەشی یەكەم:باسی بنەما ئیستاتیكییەكانی ڕوخساری دەقەكە دەكات و لە سێ بەند پێكهاتووە: بەندی یەكەم: باسی(زمانی شیعری) دەقەكە دەكات و لایەنە ئیستاتیكییەكانی زمانی شیعرەكە ڕوون دەكاتەوە. بەندی دووەم باسی (كێش)ی دەقەكە دەكات كە بنەمایەكی گرنگی ئیستاتیكای دەقەكەیە و بەندی سێیەمیش (سەروا)ی دەقەكە و ئەو ئیستاتیكایەی لێیەوە دروست بووە دەخاتەڕوو.

بەشی دووەمیش لە دوو بەند پێكهاتووە: بەندی یەكەم ئەو ئیستاتیكایەی (هونەرەكانی ڕەوانبێژی)دەقە ڕووندەكاتەوە كە جوانییەكی بەرزیان دروست كردووە و بەندی دووەمیش واتای دەقەكە و ئەو ئیستاتیكایەی كە لەسەر بنەمای ناشیرینی دامەزراوە ڕوون دەكاتەوە

ئەنجامی لێكۆڵینەوەكە لە كۆتاییدا بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

## ملخص البحث

**علم جمال النص عند الشاعر (نالي)، النص (پێم دەڵێن مەحبوبە خێڵ و ڤیچە) أنموذجا**

يعد (نالي) واحداً من شعراء الكورد الذين يمتلكون لوناً راقياً من ألوان جمالية النص في شعره، و أولى الشاعر إهتماماً كبيراً بهذا الجانب، و حاول تجسيدها في نتاجاته، مما جعل من شعره موضع الإهتمام والبحث و الدراسة من قبل كثير من الباحثين، وأن يظل الشاعر الكوردي (نالي) خالداً في ميدانه.

أما خطة البحث فقد جاءت في مدخلٍ و قسمين:

المدخل فكان تمهيداً لموضوع البحث، و جاء في ثلاثة مطالب، خصص المطلب الأول لتعريف علم جمال النص، و المطلب الثاني عرض مفهوم و قواعد مفهوم الجمال، وفي الثالث بَيّنَ مفهوم القبح و إنعكاسه في الأدب.

و فيما يخص قسما البحث، فقد عرض القسم الأول منها، أسس و مبادئ علم جمال النص، و ذلك من خلال ثلاثة مطالب، ففي المطلب الأول تحدث الباحث عن اللغة الشعرية للنص و وضح علم جمال اللغة الشعرية في هذا النص، و تضمن المطلب الثاني وزن النص الذي يعد من المبادئ الأساسية في جمالية النص، و بيّن المطلب الثالث قافية النص و التي منها ولدت جمالية النص.

وتضمن القسم الثاني من الدراسة مطلبين، جاء الأول منها جمالية فنون البلاغة للنص و المطلب الثاني معنى النص و علم الجمال المبني على الأسس الرديئة (القبيحة).

و جاءت خاتمة البحث لتبين أهم النتائج التي توصل إليها الدراسة.

## Abstract

Aesthetics in Nali's Poem **"Pêm deĺên Mahbube xêl u Qîçe"**

Nali is one of the Kurdish poets that a high degree of aesthetics could be noticed in his works. Nali paid a good attention to this dimension in his works and this could be the reason behind the immortality of his works. Due to the facts mentioned, many research papers and studies were conducted by various researchers about his works, including the current one.

This current paper consists of the introduction and two chapters:

Introduction:

It is a trial to pave the road to enter the study. It consists of three sections. Section one is Aesthetics, in which briefly the principles and history of aesthetics are illustrated.Section two is devoted to the concept of gorgeousness (beauty) and its principles while section three is devoted to the concept of unattractiveness (ugliness) and its reflection in literature.

Chapter one:

It deals with the aesthetical foundation of the text's form and it consists of three sections. The first section deals with the poetic language of the text and shows its aesthetical dimension. Section two deals with the rhythm of the poem which is considered as an important aesthetical basis of the poem. And section three deals with the rhyme of the poem and the aesthetics that is created by the rhyme.

Chapter two:

It also consists of two sections. Section one focuses on the aesthetics of the poem's figures of speech that created a high aesthetics. And section two illustrates the interpretations of the poem and the aesthetics that is founded on the basis of the concept of unattractiveness (ugliness).

And the paper concludes with the illustration of some important points about the poem.